# ڕێکلامی فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام و کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری کڕین؛ کچانی زانکۆی سەڵاحەدین وەک نموونە

**ئازاد عبدالعزیز محمد**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئامانجی توێژینەوەکە، زانین و دەستنیشانکردنی ئاستی کاریگەریی ڕێکلامی فیگەرە ناودارەکانە لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام لەسەر ڕەفتاری کڕین لای کچان لە زانکۆی سەڵاحەدیندا، هەروەها دیاریکردنی پاڵنەرەکانی بەرکەوتنیان بە ڕێکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرامدا، هاوکات لەگەڵ دەرخستنی ئاستی متمانەی کچانی زانکۆی سەڵاحەدین بە ڕێکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرامدا. ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە، تیایدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە بە پشتبەستن بە ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، بۆ سامپڵێکی ناهەڕەمەکی چینی لە کچانی زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژەکانی(ئاداب و کارگێری و ئابووری) بەشێوەیەکی ئۆنلاین،کە ژمارەیان(٢٠٥) کچە پێکهاتبوون. ئەم توێژینەوەیە بایەخی پراکتیکی و میدیایی هەیە، بەو پێیەی لایەنێکی گرنگی کاریگەریی پەیامی سۆشیاڵ میدیا دەخاتەڕوو، سەرباری ئەوەی ئاستی متمانەی کچانی زانکۆی سەڵاحەدین دەخاتەڕوو بە ناوەڕۆکی ئەو ڕێکلامانەی فیگەرە ناودارەکان لە هەژمارەکانیان بڵاویدەکەنەوە، کە ژمارەیەکی زۆری بەکارهێنەران گرنگی پێدەدەن. لە ڕووی زانستی میدیاییەوە، دەتوانرێت ببێتە سەرچاوەیەکی بە سوود بۆ ئەو کەسانەی، کە بەدوای زانیاریدا دەگەڕێن لە بواری ڕێکلامی پلاتفۆرمەکان. دەرئەنجامەکان: فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام لە ئاستێکی باش کاریگەری و کارلێککردنیان لەسەر ڕەفتاری کچانی زانکۆی سەڵاحەدین هەیە، لە باوەڕپێهێنان بە ناوەڕۆکی ڕێکلامەکانیان، هەروەها کچانی زانکۆی سەڵاحەدین بە شێوەیەکی گشتی لە کاتی بڕیاردان لەسەر کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، پشت بە فیگەرە ناودارەکان دەبەستن، پەیوەندییەکی ئاماریی ئاماژەدار هەیە لە پەیوەندیی نێوان ئاستی پاڵنەر و پشتبەستن و متمانەی کچانی زانکۆی سەڵاحەدین بە فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام و ئەو کاریگەرییانەی لە ئەنجامی ئەو پشتبەستنە دروست دەبن.

**کلیلە وشەکان:** ڕێکلام، فیگەرە ناودارەکان، پلاتفۆڕمی ئینستاگرام، ڕەفتار، کچانی زانکۆ.

## پێشەکی [1]

سۆشیاڵ میدیا وەک دەرهاویشتەیەکی ئینتەرنێت، خزمەتێکی زۆری مرۆڤایەتی کردووە، بە تایبەتی لە بواری میدیایی و پەیوەندیکردندا، بەڵام ئێستا جگە لەم ڕۆڵبینینە لە چەندین بواری دیکەدا، بەتایبەتی بازرگانی ڕۆڵ دەگێڕێت. ئینستاگرامیش وەک پلاتفۆرمێکی نێو سۆشیاڵ میدیا بەهۆی خزمەتگوزاری و تایبەتمەندیی جۆراجۆرەوە سەرنجی بەکارهێنەران و بازرگانان بۆ خۆی ڕادەکێشت، و بە دەرچەیەکی لە باریش لە قەڵەم دەدەن بۆ ساغکردنەوەی بەرهەم و کاڵاکانیان.

بەپێی داتاکان لە ئێستادا نزیکەی یەک ملیار بەکارهێنەری مانگانە و نزیك (400) ملیۆن بەکارهێنەری ڕۆژانەی هەیە، کە لەو ڕێژەیەدا نزیکەی لە 64% بەکارهێنەرانی قوتابیانی زانکۆن (گەلاڵی، ٢٠٢٣، ل٤٦). ئەمەش دەرفەتێکی بە بەکارهێنەرانداوە، کە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی ئینستاگرام بەکاربهێنن بۆ ئەوەی گەشەیەکی بەرچاوی لە پرۆسەی مارکێتینگدا هەبێت. ڕێکلامی ئینستاگرام یەکێکە لەو ئاسانکاریانەی، کە یارمەتیدەرە بۆ بەکارهێنەران و بازرگانان و خاوەنکار بۆ ناساندنی براندەکانیان.

بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵداوە بگات بەو ئەنجامە زانستییانەی، کە ئاستی کاریگەریی ڕێکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام لەسەر ڕەفتاری کڕین لای کچان لە زانکۆی سەڵاحەدیندا چەندە. هەروەها پاڵنەرەکانی بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوە بە ڕێکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرامدا، لەلایەن کچانی زانکۆی سەڵاحەدین چین. هاوکات زانینی ئاستی متمانەی کچانی زانکۆی سەڵاحەدین بە ڕێکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرامدا چەندە؟

ئەم توێژینەوەیە بەسەر چوار تەوەری سەرەکیدا دابەشبووە: تەوەری یەکەم، میتۆدنامەی توێژینەوەکە، تەوەری دووەم، پێناسە و دەرکەوتن و تایبەتمەندییەکانی پلاتفۆرمی ئینستاگرام، تەوەری سێیەم، لایەنی پرکتیکی توێژینەوەکە و تەوەی چوارەم: سەلماندنی گریمانەکانی توێژینەوەکە.

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٥ ئەیلوول ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١٦ کانوونی یەکەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٦ تەمووز ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: azad.mohammed1@su.edu.krd

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ ئازاد عبدالعزیز محمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 40.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp170-180

## ١. میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### ١ .١ کێشەی توێژینەوەکە:

لەم سەردەمەدا، کە بە سەردەمی تەکنەلۆژیا و جیهانگیری لە قەڵەم دەدرێت، بەتایبەتی لە بواری میدیا و سۆشیاڵ میدیادا،(ئینستاگرام) کاریگەریی بەسەر زۆربەی کایەکانی ژیانی ئەمرۆی تاکەکان بەجێ هێشتووەو یەکێکە لەو پلاتفۆرمانەی، کە لە ئێستادا توانیویەتی بەکارهێنەرێکی زۆر لە دەوروبەری خۆی کۆ بکاتەوە. ئەمەش دەرفەتێکە بۆ کۆمپانیا و خاوەنکار و بازرگانان، کە لە ڕێگەی ئەم پلاتفۆرمەوە بتوانن ڕیکلام بۆ کاڵاکانیان بکەن و، بە کەمترین تێچوو کاڵا و شمەکەکانیان ساغ بکەنەوە. ئەمەش بیرۆکەی توێژینەوەی لای توێژەر گەڵاڵە کردووە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەم زەمەنەدا. بۆیە کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەو تەموژەدا دەبینێتەوە، کە لە کاریگەریی ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکاندا هەیە لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام لەسەر ڕەفتاری کڕین لای بەکاربەر، پەیوەستکردنی ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام بە کچانی زانکۆ، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بەکارهێنانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە، کە زیاتر گەنج بەکاریدەهێنێت، لە نێو گەنجانیش زیاتر کچان لە هەرێمی کوردستان تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام بەکاردێنن.

### ٢ .١ پرسیارەکانی توێژینەوەکە

گرنگترین پرسیارەکانی توێژینەوە لەم چەند خاڵەدا گەڵاڵە دەکرێن:

1- ئاستی کاریگەریی ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام لەسەر ڕەفتاری کڕین لای کچان لە زانکۆی سەڵاحەدیندا چۆنە.

2 -شێوازی کارلێککردنی سامپڵی توێژینەوە لەگەڵ ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام چین؟

3- پاڵنەرەکانی بەرکەوتنی سامپڵی توێژینەوە بە ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرامدا، لەلایەن کچانی زانکۆی سەڵاحەدین چین.

4- ڕادەی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوە بە ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرامدا، لەلایەن کچانی زانکۆی سەڵاحەدین چەندە؟

5- ئاستی متمانەی کچانی زانکۆی سەڵاحەدین بە ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرامدا چەندە؟

### ٣ .١ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە:

1- زانین و دەستنیشانکردنی ئاستی کاریگەریی ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام لەسەر ڕەفتاری کڕین لای کچان لە زانکۆی سەڵاحەدیندا.

2-دیارکردنی شێوازی کارلێککردنی سامپڵی توێژینەوە لەگەڵ ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام.

3- دیاریکردنی پاڵنەرەکانی بەرکەوتنی بە ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرامدا، لەلایەن کچانی زانکۆی سەڵاحەدین.

4- زانینی ڕادەی پشتبەستن بە ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرامدا، لەلایەن کچانی زانکۆی سەڵاحەدین.

5-دەرخستنی ئاستی متمانەی کچانی زانکۆی سەڵاحەدین بە ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرامدا.

### ٤ .١ گرنگیی توێژینەوەکە:

گرنگیی توێژینەوە لەم دوو خاڵەدا دەردەکەوێت:

1-گرنگی میدیایی و پراکتیکی: لەرووی میدیاییەوە، ئەم توێژینەوەیە بایەخی پراکتیکی و میدیایی هەیە، بەو پێیەی لایەنێکی گرنگی کاریگەریی پەیامی سۆشیاڵ میدیا دەخاتەڕوو، سەرباری ئەوەی ئاستی متانەی کچانی زانکۆی سەڵاحەدین دەخاتەڕوو بە ناوەرۆکی ئەو ڕیکلامانەی فیگەرە ناودارەکان لە هەژمارەکانیان بڵاویدەکەنەوە، کە ژمارەیەکی زۆری بەکارهێنەران گرنگی پێدەدەن.

2- گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی زانستی میدیاییەوە، دەتوانرێت ببێتە سەرچاوەیەکی بە سوود بۆ ئەو کەسانەی، کە بەدوای زانیاریدا دەگەڕێن لە بواری ڕیکلامی پلاتفۆرمەکان، هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگیش بۆ کتێبخانەی کوردی، کە نووسین و توێژینەوەی کەمی لەسەر کراوە، بە گشتی ڕیکلامی سۆشیال میدیا و بە تایبەتی ڕیکلام لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام. هەروەها بەشدارە لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بە سەرچاوەیەکی نوێ لەسەر بابەتێک کە بە دەگمەن لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، ئەمەش بەردەستبوونی زانیاری بۆ توێژەرانی بواری ڕیکلامی سۆشیال میدیا بەرز دەکاتەوە.

### ٥ .١ گریمانەی توێژینەوەکە

1- پەیوەندییەکی ئامارەداری ئاماری هەیە لە نێوان ئاستی پشتبەستن و متانەی کچانی زانکۆ بە ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام و ئەو کاریگەریانەی لە ئەنجامی ئەو پشت بەستنە دروستدەبن.

2- پەیوەندییەکی ئامارەداری ئاماری هەیە لە نێوان ئاستی پشت بەستن و پاڵنەر و متانەی کچانی زانکۆ بە ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام و پەیوەست بە تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانیان.

### ٦ .١ چەمکەکانی توێژینەوەکە

**1- ڕیکلام:** چالاکییەکە لەڕێگەی بەکارهێنانی پلاتفۆرمی ئینستاگرامە بە ئامانجی برەودان بە کاڵا، یان خزمەتگوزارییەک بۆ مەبەستی هاندانی بەکاربەرانی کچانی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ کڕین.

2- **فیگەرە ناودارەکان:** بەکارهێنەری پلاتفۆرمی ئینستاگرامن، خاوەن فۆلۆوەرێکی زۆرن لە سۆشیاڵ میدیادا، تەنانەت سەرچاوەیەکی متانەپێکراون و زانیاری ڕاستەقینەیان لە سەر بابەت و بەرهەم و خزمەتگوزارییە جیاوازەکان هەیە، کە لەڕێگەی ئینستاگرامەوە کاریگەریی لە سەر بەکاربەران دروست دەکەن.

**3-پلاتفۆری ئینستاگرام:** تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە، گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنەو ڤیدیۆ دەدات، لە لایەن کۆمپانیای میتاوە خاوەندارێتی دەکرێت.

**4- ڕەفتار:** چالاکییەکی فیسیۆلۆژییە کە هاوڵاتی ئامادە دەکات، پەیوەندیدارە بە دەستنیشانکردن و کڕین و بەکارهێنان و هەڵسەنگاندنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان لەلایەن کچانی زانکۆی سەڵاحەدین.

**7- جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە، تیایدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە بە پشتبەستن بە ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

### ٧ .١ توێژینەوەکانی پێشوو

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp170-180

1- (گەڵاڵی، 2023) "ڕۆڵی ئینستاگرام لە ئاراستەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا -توێژینەوەیەکی مەیدانییە" بە ئامانجی خستنەڕووی ڕۆڵی ئینستاگرام، لە ئاڕاستەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها شرۆڤەکردنی هۆکار و پاڵنەرەکانی پشت بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینستاگرام، لای گەنجانی هەرێمی کوردستان. توێژینەوەکە، لە ڕووی جۆرەوە بە یەکێک لە توێژینەوە پەسنکاری(وەصفی)یەکان هەژماردەکرێت، ڕێبازی(ڕووپێوکاریی)ی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. کۆمەڵی توێژینەوەکە بریتییە: لە گەنجانی هەرێمی کوردستان .مشتەکەیشی گەنجانی کوردە لە هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان(421 ) گەنجە لە تەمەنی(40-16)ساڵ. توێژینەوەکە، بە کۆمەڵێک دەرەنجام گەیشتووە، لەوانە:گەنجانی هەرێمی کوردستان، زیاتر ئینستاگرام بۆ پەیوەندیی هاوڕێیەتی بەکاردەهێنن، واتە بوەتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندییە هاوڕێیەتییەکانیان، جیا لەهەر پەیوەندییەکی دیکەی وەک: خێزان و خزم و ناسراو. مەبەستی سەرەکیی بەکارهێنانی ئینستاگرام لەلایەن گەنجانەوە، بە ڕێژەیەکی بەرچاو بۆ ئاگبوونە لە هەواڵ و زانیارییەکان و دواتر بۆ کاتبەسەربردن و ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان و دوابەدوای ئەوانیش بۆ مەبەستی پەیوەندییکردنە.

2- (داود، 2020)لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی **"کاریگەریی ئینستاگرام لەسەر ڕەفتاری کڕین لە لایەن مێینەکاندا - توێژینەوەیەکی پراکتیکی لەسەر قوتابیانی کچ لە زانکۆیەکانی سوریا"** نامەیەکی ماستەرە لە زانکۆی گریمانەیی سوری ئەنجامیداوە، بەمەبەستی زانینی کاریگەریی ئینستاگرام بووە لەسەر ڕەفتاری کڕین لە نێو ئافرەتاندا. توێژینەوەیەکی وەسفیی شیکارییە، پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەستووە بە شێوەیەکی ناهەرەمەکی مەبەستدار فۆرمەکەی بەسەر (350) قوتابی ئافرەتدا دابەشکردووە، بەڵام (77) لەو فۆرمانە پوچەڵکراون، لەبەرئەوەی بۆ شیکاری ئاماری گونجاو نەبوون، بەمشێوەیە توێژەر(273)فۆرمی بەکارهێناوە. هەروەها پرۆگرامیSPSS ی بۆ شیکردنەوەی داتاکان بەکارهێناوە. دەرئەنجامەکانی توێژینەوە: دەرکەوتووە، کە متمانەبوون بە فیگەرە ناودارەکان لە سۆشیاڵ میدیادا، کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری کڕین لە نێوان کڕینی مێینەدا هەیە. ئەزموونی فیگەرە ناودارەکان لە ئینستاگرام پەیوەندییەکی ئەرێنیی هەیە، لە بەرچاو ڕوونی هەڵوێستی ڕەفتاری کڕینی مێینەدا. هەروەها دەرکەوت، کە سەرنجڕاکێشیی پەیوەست بە فیگەرە ناودارەکان لە ئینستاگرام کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕەفتاری کڕینی مێینەدا نییە.

3- (کامل، 2022) لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی **"شرۆڤەکردنی کاریگەریی پەخشی ڕێکلام و بڵاوکردنەوە و میسداقییەتی سەرچاوە بەنیازی کڕینی بەکاربەر لە ئینستاگرام: هەرێمی کوردستانی عێراق بە نموونە"** نامەیەکی ماستەرە لە زانکۆی تاران ئەنجامدراوە، بە مەبەستی دیاریکردنی کاریگەریی پەخش و بڵاوکردنەوەی ڕێکلام و میسداقییەتی سەرچاوە لە ڕێکلامەکاندا، لەسەر ڕەفتاری کڕینی بەکاربەر لە سۆشیال میدیا (ئینستاگرام) لە هەرێمی کوردستانی عێراق. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی و بە شێوازی ڕووپێوی بەکارهێنراوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەشی برتیە لە قوتابییانی زانکۆکانی شاری دهۆک، ئەوانیش زانکۆی: (دهۆک، زاخۆ، پۆلیتەکنیکی دهۆک، ئەمریکی، نەورۆز و پزیشکی دهۆک)، بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بە شێوی ناهەڕەمەکی مەبەستدار و بە ڕێگەی ئەلیکترۆنی بەسەر 382قوتابی زانکۆ ناوبراوەکانی دابەشکردووە. دەرئەنجامەکانی توێژینەوە: دەرکەوتووە، کە متمانەی سەرچاوە بۆ بڕیاری کڕین لە لایەن بەکارهێنەرەوە ڕۆڵێکی ئەرێنی هەیە، بەڵام کارتێکردن و ئاشکراکردنی (هەر هێیا نووسینێک، کە بە ڕاستەوخۆ دیاریدەکات، ئەو بابەتەی بڵاو بۆتەوە ڕێکلامە) و دیاریکردنی هاشتاگ(#) لەسەر(سەرنجڕاکێشی سەرچاوە)، یان هەمان ئینفلوئێنسەر هیچ کارتێکردنێکی نەبووە. بەکارهێنانی ئاشکراکردنی متمانە بە سەرچاوە زیاتر دەکات، بەڵام هاشتاگ بە پێچەوانەی متمانە بە سەرچاوە کەم دەکات، بەکارهێنانی ئاشکراکردنی پسپۆڕی سەرچاوە لەلای کڕیاران دیاردەکرێت، کە بەرەو زیادبوون دەڕوات، کەچی هاشتاگی ئاشکراکردن هیچ کاریگەرییەکی لەسەر (کەمبوونی پسپۆڕی سەرچاوە) لە لای کڕیاران ناکات. سەرنجڕاکیشی و متمانە زیاتر و پسپۆری سەرچاوە نیەتی کڕین لە لای بەکارهێنەر زیاتر دەکات.

4-(Tazeen, Mullick , 2023) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی **"کاریگەریی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی (فیسبووک و ئینستاگرام) لەسەر کارتێکردن و هاندانی ڕەفتاری کڕینی بەرهەمە سەوزەکان"** ئامانجی توێژینەوەکە برتییە لە دیاریکردنی کاریگەرییەکانی سۆشیاڵ میدیا (فیسبووک و ئینستاگرام) لەسەر بەرکارهێنەران بۆ کڕینی کاڵا سەوزەکان. توێژینەوەیەکی وەسفی ڕووپێوییە، کۆمەڵگەو سامپڵی توێژینەوەکەش شاری دلهی لە وڵاتی هندستان، بە کارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی، کە بە سەر (201) کەس بە شێوەیەکی هەرەمەکی دابەشکراوە، توێژەران گەیشتوونە ئەو ئەنجامەی کەوا پلاتفۆرمی ئینستاگرام کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕەفتاری کڕینی بەرهەمە سەوزەکان هەیە. سەرەڕای ئەوەش، بەکارهێنەرانی ئێستای سۆشیال میدیا بەرکەوتنی زیاتریان دەبێت لەگەڵ ڕێکلامەکانی بەرهەمە سەوزەکان و خاوەنکارانیش پێویستە بەرهەمەکان زیاتر بە بازاڕ بکەن لەو پلاتفۆرمەدا.

5-(Makhadmeh, Rihani, 2023)لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی **(کاریگەریی ڕێکلامی فیگەرە بەناوبانگەکانی ئینستاگرام لەسەر ڕەفتاری کڕینی قوتابیانی کچ لە زانکۆکانی ئەردەن)** بڵاوکراوەیەکە لە وڵاتی ئەردەن ئەنجامدراوە، بەئامانجی زانینی کاریگەریی ڕێکلامی فیگەرە بەناوبانگەکانی ئینستاگرام لەسەر قوتابییە کچەکانی زانکۆکانی ئەردەن. توێژینەوەیەکی چەندایەتییە میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، فۆرمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە ڕێگەی ئەلیکترۆنی (گۆگڵ فۆرم) بە شێوەیەکی ناهەرەمەکی بەسەر 450 سامپڵی توێژینەوە کە لە زانکۆی (یەرموک، ئەردەن و موتاە) پێکهاتوون دابەشکراون. دەرئەنجامەکان ئەوە دەخەنەڕوو: سەدا40٪ی ئەوانەی فۆرمەکانیان وەڵامداوەتەوە فۆڵۆی ئەو کەسایەتیانەیان کردووە. بۆماوەی (1کاتژمێر زیاتر هەتا کەمتر لە دوو کاتژمێر). ئەوەی، کە تەرکیز و فۆکەسی زیاتری لەسەرە لەو ڕێکلامانە بریتییە لە جل و بەرگ. هەروەها گرینگترین خاڵ لەلای وەرگرەکان بریتی بووە لە زانینی نرخی ئەو کاڵایانە.

**سوودەکانی توێژینەوەکان:**

خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو، ڕێخۆشکەرن بۆ ئافراندنی توێژینەوەی دیکەی زانستی، لەم توێژینەوەیەدا (5) توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونتەڕوو، توێژەر لە چەند ڕوویەکەوە سوودی لێوەرگرتوون:

1- لە ڕووی پلان و سامپڵی توێژینەوە و هەنگاوە زانستییەکانیانەوە، وەک سەرچاوەیەکی زانستی و زانیاری.

2- بۆ نەخشەڕێژی فۆرمی ڕاپرسی و دانان و دارشتنی پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە.

3- لایەنی تیۆری توێژینەوەکە، زانیاری بەخشبوون بۆ نووسینەوەی ئەم توێژینەوەیە.

**6- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان**

ئەو ئامرازەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە فۆرمی ڕاپرسی، ئەویش خۆی لە دوو تەوەری سەرەکی دەبینێتەوە، تەوەری یەکەم: لە چوار پرسیاری تایبەت و تەوەری دووەم: لە شەش پرسیار پێکهاتوون.

**7- ڕاستی ڕواڵەتی توێژینەوەکە:**

لەدوای دروستکردنی فۆرمی ڕووپێوی توێژینەوەکە، بەمەبەستی بەهێزکردنی ناوەڕۆکەکەی لەڕووی زانستییەوە، وێنەیەك لە فۆرمەکەمان ئاراستەی (5) پسپۆڕی بواری میدیا کرد *پاشان بەوردی سەرجەم تێبینی و سەرنجەکانیان لەسەر فۆرمەکە جێبەجێکرد و دەرکەوت ڕاستی ڕواڵەتی بریتییە (87.05%).

**8- ڕادەی جێگیریی توێژینەوە:**

بۆ خستنەڕووی ئاستی جێگیریی فۆرمی ڕووپێوی، بە بەکارهێنانی پێوەری "ئەلفا-کرۆنباخ" دەردەکەوێت، کە تەواوی پرسیارەکانی توێژینەوەی مەیدانی، بەهاکەی بریتییە لە (0.717)؛ ئەمەش ئاستێکی بەرزی جێگیریی پرسیارنامەکەیە.

**9- کۆمەڵگەو سامپڵی توێژنەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی کچ لە زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر، کە توێژەر هەردوو کۆلێژی ئاداب و کارگێڕی ئابووری، کە پلاتفۆرمی ئینستاگرام بەکاردێنن وەرگرتووە. سامپڵی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی مەبەستدار قوتابییانی هەردوو کۆلێژی ناوبراو وەرگیراون، لە ڕێگەی گۆگڵ فۆرمەوە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی بەسەر (205) قوتابی دابەشکراوە.

**10- بواری توێژینەوەکە:**

1- بواری شوێن: بریتییە لە زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر، کە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە تیایدا ئەنجامدراوە.

2-بواری مرۆیی: کچانی زانکۆی سەحەدین- هەولێر دەگرێتەوە، ئەوانەی بەکارهێنەری پلاتفۆرمی ئینستاگرامن.

3- بواری کات: بریتییە لەو ماوەیە، کە لایەنە مەیدانییەکەی توێژینەوەی تێدا ئەنجامدراوە. ئەویش لە ڕێککەوتی (٢٠٢٤/٢/٢) و (٢٠٢٤/٣/٧).

## ٢. پێناسە و گەشەسەندنی پلاتفۆرمی ئینستاگرام

### ٢. ١ پێناسەی پلاتفۆرمی ئینستاگرام

توێژەرانی بواری سۆشیاڵ میدیا پێناسەی جۆراجۆریان بۆ پلاتفۆرمی ئینستاگرام کردووە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

ئینستاگرام یەکێکە لە خێراترین خزمەتگوزارییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی وێنەی ئۆنلاین، کە بەکارهێنەران وێنەی ژیانی خۆیان لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیکەدا ئاڵوگۆڕ دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی پەیوەست بەم میدیایە سنووردارە (Djafarova, Rushworth, 2017, p. 2)

ئینستاگرام تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە کە ئامانج لێی هاوبەشیکردن و دانانی وێنە و ڤیدیۆیە هاوتەریب لەگەڵ فەیسبووک، تێکس، تامبڵ و تاد، بەڵام ئەمرۆ وەک ئامرازێک بەکاردێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەکارهێنەران و دروستکردنی ڕەفتاری نامۆو ناباو لەنێو کۆمەڵگەدا، ئامانجی ئینستاگرام تەنها لە بلاوکردنەوەی ڤیدۆ و وێنەکاندا کورت هەڵنایەت، بەڵکو گۆڕاوە بۆ هۆکارێکی بازرگانی، بە شێوەیەک ئێستا فرۆشیارانی تاکەکەسی ئۆنلاین ئەمە وەک فاکتەری سەرنجڕاکێش بەکاردەهێنن لەنێو کڕیارەکانیاندا بە تایبەتی لە بەشی جلوبەرگدا (Soni,Shukla, 2021, p. 2851).

ئینستاگرام یەکێکە لە پلاتفۆرمە بەناوبانگەکانی سۆشیال میدیا. بەرنامەیەکی سۆشیال میدیای بێبەرامبەرە، لەسەر ئایفۆن و ئەندرۆید بەردەستە. سەکۆیەکی نایابە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی وێنە و ڤیدیۆ و پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێیان لە سەرانسەری جیهاندا. بۆ براندەکان، ڕێگەیان پێدەدات گەشە بە کارەکانیان بدەن بە گەیشتن بە کڕیارە چاوەڕوانکراوەکان لە ڕێگەی ڕیکلامەکانی ئینستاگرامەوە (Christy, 2023).

### ٢. ٢ دەرکەوتنی پلاتفۆرمی ئینستاگرام

سۆشیاڵ میدیا وەک میدیایەکی سەردەم، تەنیا خۆی لە بواری پەیوەندی نابینێتەوە، بەڵکو خۆی خزاندۆتە نێو زۆربەی بوارەکانی ژیان، یەک لەو بوارانە ڕیکلامە. ئینستاگرامیش، کە یەکێکە لە پلاتفۆرمە بەناوبانگەکانی جیهانی سۆشیاڵ میدیا توانیویەتی سەرنجی بازرگان و خاوەنکاران ڕابکێشێ بۆ ئەوەی ڕیکلامی تیایدا ئەنجامبدەن و کاڵاکانیان ساغ بکەنەوە.

ئینستاگرام یەکێکە لەو پلاتفۆرمانەی سۆشیال میدیا، کە لە مانگی تشرینی یەکەمی 2010لەلایەن کێڤن سیستروم و مایک کریگەرەوە لە شاری سان فرانسیسکۆ لە ئەمریکا دەستپێیکرد، و تەنیا تایبەت بوو بە سیستمی ئای ئۆئێس، ئینستاگرام هەر زوو ناوبانگی دەرکرد و توانی بەکارهێنەرێکی زۆر لە خۆی کۆبکاتەوە و خەڵک تامەزرۆی بەکارهێنانی بێت، ئەمەش وایکرد وەشانی تایبەت بە ئەندرۆیدیش بڵاوبکرێتەوە لە نیسانی 2012لە کەمتر لە یەک ڕۆژدا زیاتر لە یەک ملیۆن جار دابەزێنرێت (Sheldon, Bryant, 2016, p. 89).

ئینستاگرام یەکێکە لەو پلاتفۆرمە سۆشیال میدیایانەی، کە زیاتر لەلایەن گەنجانەوە بەکاردەهێنرێت، هەروەها ئەم پلاتفۆرمە ڕایگەیاندووە، کە بەکارهێنەرەکانیان ڕوو لە زیادبوونە و لە مانگی حوزەیرانی 2018دا بەکارهێنەری چالاکیان لە ماوەی مانگێکدا گەیشتووەتە یەک ملیار (Arya, Kerti, 2022, p. 29).

لە ساڵی 2021دا، مانگانە یەک ملیار و 21ملیۆن بەکارهێنەری چالاک لە ئینستاگرامی مێتا هەبووە، کە زیاتر لە ٢٨%ی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتی جیهان پێکدەهێنن. پێشبینی کراوە تا ساڵی 2025 مانگانە یەک ملیار و ٤٤ ملیۆن بەکارهێنەری چالاک لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیادا هەبن، کە 31.2%ی ئینتەرنێتی جیهانی پێکدەهێنێت (Dixon, 2023).

### ٢. ٣ تایبەتمەندییەکانی ئینستاگرام:

تایبەتمەندییەکانی پلاتفۆرمی ئینستاگرام لەم خاڵانەی خوارەوەدان (عبدالهادي، 2021):

1- توانای ئاڵوگۆڕکردنی وێنە و ڤیدیۆ لەگەڵ هاوڕێیان هەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا.

2- ئینستاگرام بەرنامەیەکی هەیە، کە چەندین فلتەری تێدایە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات بە ئاسانی ئەو فلتەرە هەڵبژێرن، کە دەیانەوێت.

3- دەکرێت لینکی کەسی لە ڕێگەی سیڤی (bio) لە پەیجی تایبەتی خۆت زیاد بکەیت.

4- تایبەتمەندی پەخشی ڕاستەوخۆ"Live" ی هەیە، ئەویش یەکێکە لە باشترین ڕێگەکان بۆ مانەوە لە نزیك بینەران. دواتر تایبەتمەندییە تایبەتەکانی ئینستاگرام لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش بەکارهێنراون.

*ناوی پسپۆرانی هەڵسەنگاندنی فۆرمی ڕووپێوی:
1- پ.د.سەلام نەسرەدئن محەممەد /ڕاگەیاندن/ زانکۆی سلێمانی.
2- پ.ی. د.جوان بهاءالدین علي /ڕاگەیاندن/ زانکۆی کۆیە.
3- پ.ی.د.عبدالخالق ابراهیم محمد /ڕاگەیاندن/ زانکۆی پولیتەکنیکی هەولێر.
4- پ.ی. د.شوان ئادەم ئەیڤەس /ڕاگەیاندن/ زانکۆی پولیتەکنیکی سلێمانی.
5- پ.ی. د. بەرهەم خالد احمد /ڕاگەیاندن/ زانکۆی سلێمانی.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp170-180

5- ڕێگەی دەدات لەسەر وێنەکان بنووسرێت و لەرووی قەبارە و دووریەکانەوە هەموار بکرێتەوە ئینجا بلاوبکرێتەوە.

6- بوونی خاسیەتی ئاشکراکردن(explore)، کە ئەو وێنە و گرتە ڤیدیۆییانە لەخۆ دەگرێت، کە زۆرترین ژمارەی لایکی جەماوەریان بەدەستهێناوە، ئەمەش وا لە بەکارهێنەران دەکات، لە هەوڵی بەردەوامدا بن بۆ دەرکەوتن لەو خاسیەتەدا.

7- تایبەتمەندیی (Story)، کە دوای 24 کاتژمێر ون دەبێت، بەشێوەیەك کە بەکارهێنەر دەتوانێت هەندێك هەمواری بکات و شتی کاریگەر بۆ وێنە و ڤیدیۆکان بەشێوەیەك زیاد بکات، کە لە پلاتفۆرمەکانی دیکەی سۆشیال میدیا لەرووی کواڵێتییەوە جیابکرێتەوە (گەلالی، 2023، صفحة ٤٨).

8- گرتەی ڤیدیۆیی لە پلاتفۆرمی (Instagram) کورتە، ئەمەش ئەو توانایە بە بەکارهێنەر دەدات کار لەسەر ڤیدیۆکان بکات و تەنیا ئەو بەشەی ڤیدیۆکە دابەزێنێت، کە خۆی دەیەوێت.

9- تایبەتمەندیی هەژماری ئینستاگرام زۆر بەرزە و وا دەکات بەکارهێنەر بتوانێت پرۆفایلی ناسینەوەی خۆی بشارێتەوە، بەتایبەت ئەگەر کەسانێك چاودێری بکەن.

10-کارئاسانی لە ئینستگرام ڕێگە لەبەردەم بەکارهێنەر خۆش دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت چ لەرووی نووسین، یان دەنگ یاخود قسەکردن بە ڤیدیۆوە پەیوەندیی بکات، ئەمەش مانای وایە، کە چەندین ڕێگەی بۆ پەیوەندیکردن هەیە.

11-ئینستگرام بووەتە شوێنێکی باوەرپێکراو بۆ بازاڕکردنی زیاتر لە ئامرازەکانی دیکە، بەشێوەیەك، کە کۆمپانیا و بازرگانەکان پشتی پێدەبەستن بۆ ئەوەی بتوانن لە کەمترین کاتدا پشکی بەرهەمەکانیان بگەیەننە زۆرترین ژمارەی خەڵك ( سلاطنية، دغرير، 2022، صفحة 36).

## ٤.٢ جۆرەکانی ڕیکلامی ئینستاگرام

لێرەدا چەندین جۆری ڕیکلامی ئینستاگرام، دەخەینەڕوو:

**1- ڕیکلامی وێنە:** ڕیکلامی وێنەی ئینستاگرام ڕێگە بە خاوەنکاران دەدات یەک وێنە بەکاربهێنن بۆ ڕیکلامکردن بۆ براند و بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان. (Henrie, 2023)

**2- ڕیکلامەکانی ستۆری:** بریتین لەو ڕیکلامەکانەی وێنە، یان ڤیدیۆ تەواوی شاشەکە داگیر دەکەن لە نێوان ستۆری بەکارهێنەران دەردەکەون (Bragg, 2024) .

**3- ڕیکلامی ڤیدیۆیی:** ڕیکلامە ڤیدیۆییەکانی ئینستاگرام ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ پیشاندانی بەرهەم، یان خزمەتگوزاریی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش. دەتوانی ڕیکلامە ڤیدیۆییەکان بەکاربهێنی بۆ نیشاندانی چۆنیەتی کارکردنی بەرهەمەکان، تیشک خستنە سەر تایبەتمەندییە ناوازەکان، یان بە سادەیی چیرۆکی براندەکە بگێڕیتەوە (Moore, 2024).

**4-ڕیکلامەکانی کارۆسێل:** ڕیکلامەکانی کارۆسێلی ئینستاگرام کۆمەڵێک وێنە، یان ڤیدیۆیان تێدایە، کە بەکارهێنەران دەتوانن بە سوایپدا تێپەڕن. دەتوانن هەم لەناو فید و هەم لەناو ستۆری ئینستاگرام دەرکەون، لەگەڵ دوگمەی(CTA) بانگەوازکردن بۆ کردەوە، یان بەستەری سوایپ بۆ سەرەوە، کە بەکارهێنەران ڕاستەوخۆ دەباتە سەر ماڵپەڕەکە(Carlo, 2023) .

**5- هەمەجۆری ڕیکلامی (Collection ads):** ڕیکلامی هەمەجۆری ئینستاگرام تێکەڵەیەک لە نێوان ڕیکلامی کارۆسێل و ڕیکلامی بازاڕکردنە. ڕیکلامەکانی هەمەجۆر بەرهەمەکان ڕاستەوخۆ لە کەتەلۆگی بەرهەمەکانتەوە پیشان دەدەن (Mrignayni, 2022). ڕیکلامەکانی هەمەجۆری باشترین گونجاون بۆ براندەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی، چونکە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدەن بەرهەمەکان ڕاستەوخۆ لە ڕیکلامەکەوە بکڕن. کاتێک بەکارهێنەرێک کلیک لەسەر ڕیکلامەکە دەکات، ئەوا ئاراستەی پێشانگای فرۆشگای ئەزموونی خێرا لە ئینستاگرام دەکرێت، کە لەوێ دەتوانێت زیاتر دەربارەی بەرهەمەکە بزانێت و بەردەوام بێت لە کڕین (Gindham, 2023).

**6- گەڕان بەدوای ڕیکلامەکاندا:** ڕیکلامەکانی Explore لەناو تابی Explore دەردەکەون، کە ناوچەیەکی پلاتفۆرمە، کە بەکارهێنەران ناوەڕۆک و ئەکاونتی نوێی تێدا دەدۆزنەوە، کە بەپێی خووەکانی بەکارهێنانی ئینستاگرام دروستکراون (Nambakhsh, 2023)

**7- ڕیکلامی بازاڕکردن:** بەهۆی ئەوەی 44%ی بەکارهێنەرانی ئینستاگرام هەفتانە لەسەر پلاتفۆرمەکە بازاڕ دەکەن، سەیر نییە ئینستاگرام لە ماوەی 1-2 ساڵی ڕابردوودا تایبەتمەندییەکانی بازرگانی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی زۆر باشتر کردووە. بە نوێترین تایبەتمەندییەکانی کڕینی ئینستاگرام، ئێستا بەکارهێنەران دەتوانن بەرهەمەکان ببینن و بکڕن بەبێ ئەوەی ئەپەکە بەجێبهێڵن (سنووردارە بەو بزنسانەی، کە Instagram Checkoutچالاک کراوە). ڕیکلامەکانی کڕینی ئینستاگرام ڕاستەوخۆ بەکارهێنەران دەبەن بۆ لاپەڕەیەکی وەسفکردنی بەرهەم لەناو ئەپی ئینستاگرام. پاشان دەتوانن لەڕێگەی ماڵپەڕی مۆبایلەکانەوە بکڕن.(Macready, 2023) .

**8- ڕیکلامەکانی ڕیلز:** یەکێکە لە نوێترین تایبەتمەندییەکانی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا. Reels ڕێگەت پێدەدات کورتە کلیپەکان دروست بکەیت و پۆستی بکەیت کە زیاتر لە24 کاتژمێردا دەمێننەوە بە پێچەوانەی. (Stories) (Cruz-Eusebio, 2022).

## ٣. لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە:

خشتەی (1)

تەمەن سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | تەمەن | دووبارە | ڕێژەی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 18 | 3 | 1.5 | حەوتەم |
| 2 | 19 | 13 | 6.3 | چوارەم |
| 3 | 20 | 23 | 11.2 | سێیەم |
| 4 | 21 | 51 | 24.9 | یەکەم |
| 5 | 22 | 51 | 24.9 | یەکەم |
| 6 | 23 | 31 | 15.1 | دووەم |
| 7 | 24 | 12 | 5.9 | پێنجەم |
| 8 | 25 | 9 | 4.4 | شەشەم |
| 9 | 26 | 1 | 0.5 | نۆیەم |
| 10 | 27 | 2 | 1.0 | هەشتەم |
| 11 | 28 | 2 | 1.0 | هەشتەم |
| 12 | 30 | 3 | 1.5 | حەوتەم |
| 13 | 31 | 2 | 1.0 | هەشتەم |
| 14 | 34 | 1 | 0.5 | نۆیەم |
| 15 | 35 | 1 | 0.5 | نۆیەم |
| | **کۆی گشتی** | **205** | 100 | |

ئەنجامەکان دەریدەخەن، کە سامپڵی توێژینەوەکە ئەوانەی تەمەنیان لە (21) و (22)بە ڕێژەی (24.9%) لە پلەی یەکەمدایە، ئەوانەی تەمەنیان (23) ساڵە، بەڕێژەی (15.1%) بە پلەی دووەم دێن. هەرچی ئەوانەی تەمەنیان لە (20) ساڵ دایە، بە

ڕێژەی (11.2%) پلەی سێیەمی وەرگرتووە. کەمترین ڕێژەش، کە وەك سامپڵی توێژینەوە بەشدابوونە بە ڕێژەی سەدی (0.5) ە، کە تەمەنیان لە (34) و (35) ساڵیدایە. ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت ناوەندی ژمێرەیی نێوان تەمەنەکانی سامپڵی توێژینەوە لە (22) ساڵیدایە.

خشتەی (2)

بەشی زانستی سامپڵی توێژینەوەکە

| ناوی بەشەکان | دووبارە | ڕێژەی % | پلە |
|---|---|---|---|
| ڕاگەیاندن | 25 | 12.2 | سێیەم |
| کاری کۆمەڵایەتی | 22 | 10.7 | چوارەم |
| دەروونزانی | 42 | 20.5 | یەکەم |
| مێژوو | 7 | 3.4 | هەشتەم |
| جۆگرافیا | 20 | 9.8 | پێنجەم |
| شوێنەوار | 5 | 2.4 | دەیەم |
| کۆمەڵناسی | 33 | 16.1 | دووەم |
| فەلسەفە | 15 | 7.3 | حەوتەم |
| ئامار | 3 | 1.5 | یازدەیەم |
| کارگێری کار | 7 | 3.4 | هەشتەم |
| دارایی و بانک | 17 | 8.3 | شەشەم |
| ئابووری | 6 | 2.9 | نۆیەم |
| ژمێریاریی | 3 | 1.5 | یازدەیەم |
| کۆی گشتی | 205 | 100 | |

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، کە زۆرترین ئەندامانی سامپڵی توێژینەوە لە بەشی دەروونزانی کۆلێژی ئادابن، کە (20.5%) ی کۆی سامپڵەکە پێکدەهێنن و لە پلەی یەکەم دێت. وە لە پلەی دووەمدا بەشی (کۆمەڵناسی) دێت بە ڕێژەی (16.1%). بەشی (ڕاگەیاندن)یش لە پلەی سێیەمدا دێت بە ڕێژەی (12.2%). وە لەسەر ئاستی کۆلێژی کارگێری و ئابووری بەشداربووانی بەشی (دارایی و بانک) بە پلەی یەکەم دێن بە ڕێژەی (8.3%)، وە هیچ قوتابییەکی بەشی (کارگێری ڕێکخراوە گەشتیارییەکان) ی ئەو کۆلێژە بەشداری سامپڵی توێژینەوەکەی نەکردووە.

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە کچانی زانکۆی سەلاحەدین بەشدارییەکی کارایان هەیە لەبەکارهێنانی پلاتفۆرمی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام وەک سەرچاوەیەکی دیار بۆ کڕینی کاڵا و پێداویستییەکانیان، هەروەها ئەوەش دەردەکەوێت، کە پلاتفۆرمی ئینستاگرام توانای دروستکردنی کاریگەری هەیە لەسەر قوتابیانی بەشداربوو.

خشتەی (3)

قۆناغی خوێندنی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | قۆناغ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | یەکەم | 18 | 8.8 | چوارەم |
| 2 | دووەم | 36 | 17.6 | سێیەم |
| 3 | سێیەم | 77 | 37.6 | یەکەم |
| 4 | چوارەم | 74 | 36.1 | دووەم |
| کۆی گشتی | | 205 | 100 | |

ئەنجامەکان دەریدەخەن، قۆناغی سێیەمی خوێندن بە ڕێژەی (37.6%) لە پلەی یەکەمدا دێن، قۆناغی چوارەمیش بە ڕێژەی (36.1%) لە پلەی دووەمدایە، و قۆناغی دووەمی خوێندنیش بەڕێژەی (17.6%) لە پلەی سێیەم دان، قوتابیانی قۆناغی یەکەمیش لە دوا پلەدا، بە ڕێژەی( 8.8%).

خشتەی (4)

باری دارایی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | باری دارایی | دووبارە | ڕێژەی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خراپ | 6 | 2.9 | چوارەم |
| 2 | مامناوەند | 110 | 53.7 | یەکەم |
| 3 | باش | 78 | 38 | دووەم |
| 4 | زۆرباش | 11 | 5.4 | سێیەم |
| کۆی گشتی | | 205 | 100 | |

ئەنجامەکان دەریدەخەن، باری دارایی سامپڵی توێژینەوەی مامناوەند بە ڕێژەی (53.7%) بە پلەی یەکەم دێت، باری باشە بەڕێژەی (38%) لە پلەی دووەم دێت، کەچی باری زۆرباشە بەڕێژەی (5.4%) پلەی سێیەمی وەرگرتووە، کەمترین ڕێژەش باری دارایی خراپە بەڕێژەی (2.9%)ە.

خشتەی (5)

سەرچاوەی داهات سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | سەرچاوەی داهات | دووبارە | ڕێژەی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دایک و باوک | 174 | 84.9 | یەکەم |
| 2 | دەرماڵەی زانکۆ | 4 | 2.0 | سێیەم |
| 3 | کاری خۆت | 27 | 13.2 | دووەم |
| کۆی گشتی | | 205 | 100 | |

ئەنجامەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە، سامپڵی توێژینەوە ئەوانەی، کە سەرچاوەی داهاتیان (دایک و باوک)ە، لە پلەی یەکەم دێت، دوای ئەوە سامپڵی توێژینەوە ئەوەی، کە پشت بە (کاری خۆی) دەبەستێت، لە پلەی دووەمدایە، ئەوانەی پشت بە دەرماڵەی زانکۆ دەبەستن کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە. لێرەدا دەردەکەوێت قوتابیانی کچ لە زانکۆی سەلاحەدین بۆ سەرچاوەی داهاتیان پشت بە دایک و باوکیان دەبەستن.

خشتەی (6)

ماوەی بەکارهێنانی بەرتوێژان بۆ ئەو کاڵایانەی، کە فیگەرە ناودارەکان ڕیکلامی بۆ دەکەن

| ژ | ماوەی بەکارهێنان | دووبارە | ڕێژەی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | کەمتر لە یەک کاتژمێر | 175 | 85.4 | یەکەم |
| 2 | لە کاتژمێریکەوە بۆ دوو کاتژمێر | 24 | 11.7 | دووەم |
| 3 | زیاتر لە دوو کاتژمێر | 6 | 2.9 | سێیەم |
| | کۆی گشتی | 205 | 100 | |
| | لادانی پێوەری | 0.45 | | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | 1.18 | | |

ئەنجامەکان دەریانخستووە، سەبارەت بەکاتی بەدواداچوون لای سامپڵی توێژینەوەکە، زۆرترین ڕێژەی بەرتوێژان بە دواداچوونی بۆ ئەو کاڵایانەی، کە فیگەرە ناودارەکان ڕیکلامی بۆ دەکەن لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام ڕووندەکاتەوە، کە برگەی (کەمتر لە کاتژمێریکە) بەڕێژەی (85.4%) لە پلەی یەکەم دێت. هەروەها کاتژمێری بەدواداچوون بۆ برگەی (لە کاتژمێریکەوە بۆ دوو کاتژمێر) بەڕێژەی (11.7%) بە پلەی دووەم دێت. برگەی (زیاتر لە دوو کاتژمێر) پلەی سێیەمی وەرگرتووە. لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کەوا سامپڵی توێژینەوەکە کەمتر لە یەک کاتژمێر بەدواداچوون بۆ ئەو کاڵایانە دەکەن، کە فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام ڕیکلامی بۆ دەکەن بە لادانی پێوەری (0.45) و ناوەندیی ژمێرەیی (1.18).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp170-180

خشتەی (7)

بابەتی ڕێکلامی، کە لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام نیشان دەدرێت

| ژ | بابەت | دووبارە | ڕێژەی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پێڵاو و جلو بەرگ | 114 | 27.8 | یەکەم |
| 2 | چێشتلێنان و خواردن | 79 | 19.3 | دووەم |
| 3 | ڕێکخستنی ناوماڵ | 77 | 18.8 | سێیەم |
| 4 | بابەتە جوانکارییەکان | 65 | 15.9 | چوارەم |
| 5 | ئۆفەری گەشتیاری | 13 | 3.2 | حەوتەم |
| 6 | بڵاوکراوە وەرزشییەکان | 18 | 4.4 | شەشەم |
| 7 | مۆبایل و تەکنەلۆژیا | 36 | 8.8 | پێنجەم |
| 8 | هۆتێل و شوێنەکانی تر | 8 | 2.0 | هەشتەم |

لە ئەنجامەکانی خشتەی (7) ڕووندەبێتەوە، ئەو بابەتە ڕێکلامییانەی، کە لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام نیشان دەدرێت زیاتر سەرنجی سامپڵی توێژینەوەکە ڕادەکێشێت، بابەتی (پێڵاو و جلو بەرگ)ە، بەڕێژەی (27.8%) بەپلەی یەکەم دێت، ، هەروەها بابەتی (چێشتلێنان و خواردن) لە پلەی دووەم دایە بەڕێژەی (19.3%)، بابەتی (ڕێکخستنی ناوماڵ) بەڕێژەی (18.8%) لە پلەی سێیەمدایە،بابەتی (هۆتێل و شوێنەکانی تر)بەڕێژەی (2.0%) کەمترین پلەیان وەرگرتووە. بە ڕای توێژەر ئەم ئەنجامە ئاماژەیەکی دروست و ڕەنگدانەوەی سروشتی سامپڵی توێژینەوەکەیە.

ئەنجامەکان دەریدەخەن، پاڵنەرەکانی بەرکەوتنی بەرتوێژان بۆ لاپەڕەکانی فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم هاوڕان لەگەڵ ئەوەی (بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوەکانی فیگەرە ناودارەکان دەکەم؛ بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە شارەزاییان لەبارەی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی ڕێکلامی بۆ دەکەن.) بەرێژەی (51.7%)، بەپێی ئەنجامەکان لادانی پێوەری (0.82)بووە و ناوەندی ژمێرەیی (2.28) بووە، کەچی پاڵنەریی (بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوەکانی فیگەرە ناودارەکان دەکەم؛ لەبەر سەرنجڕاکێشیی شێوەییەکەی.) بەرێژەی (28.3%) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.84) و ناوەندی ژمێرەیی (1.84).

لە هەڵسەنگاندنی (نازانم)دا لە بڕگەی (بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوەکانی فیگەرە ناودارەکان دەکەم بە پاڵنەری زانین و ئارەزوو بۆ فێربوونی کارامەیی نوێ.) بەڕێژەی (36.6%) پلەی یەکەمی هێناوە، لادانی پێوەری بریتییە لە (0.77) و ناوەندی ژمێرەیی (2.21). هەرچی پاڵنەریی (بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوەکانی فیگەرە ناودارەکان دەکەم؛ بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە شارەزاییان لەبارەی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی ڕیکلامی بۆ دەکەن.) بەرێژەی (24.9%) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.82) و ناوەندی ژمێرەیی (2.28).

لە هەڵسەنگاندنی (هاوڕانیم)، سامپڵی توێژینەوە لە پاڵنەری (بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوەکانی فیگەرە ناودارەکان دەکەم؛ لەبەر سەرنجڕاکێشیی شێوەییەکەی.) بەرێژەی (43.9%) زۆرترین ڕێژەیان هێناوە و لەپلەی یەکەمدایە بە لادانی پێوەری (0.84) و ناوەندی ژمێرەیی (1.84). بەڵام پاڵنەریی (بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوەکانی فیگەرە ناودارەکان دەکەم بە پاڵنەری زانین و ئارەزوو بۆ فێربوونی کارامەیی نوێ.) بەرێژەی (21%) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.77) و ناوەندی ژمێرەیی (2.21).

بەپێی ئەم ئەنجامانە کۆمەڵێک پاڵنەر هەن کاریگەرییان هەیە لەسەر کچانی زانکۆی سەڵاحەدین، بە تایبەت هەردوو کۆلێژی (ئاداب و کارگێری ئابووری) لە ڕەفتاری کڕینی کاڵاکان، لە ڕێگەی فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام. بەو پێیەی تێکرایی ناوەندی ژمێرەیی دەگاتە (2.09) و زیاتر لە (2) بەلادانی پێوەریی، کە (0.82)ە. ئەمەش ئاماژەن بەوە، کە فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام، وەک ئامرازێکی میدیایی گرنگن بۆ ئاشاناکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕێکلام لەسەر خزمەتگوزاریی کاڵاو بەرهەمەکان.

خشتەی (8)

پاڵنەرەکانی بەرکەوتنی بەرتوێژان بۆ لاپەڕەکانی فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام

| ژ | دەستەواژەکان | پێوەرەکان | هاوڕام | نازانم | هاوڕانیم | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | تاقیکردنەوەی کاڵا یان خزمەتگوزارییەکە لە لایەن فیگەرە ناودارەکانەوە؛ هانم دەدات کە بەدەستیانبهێنم. | دوبارە | 67 | 58 | 80 | 1.94 | 0.85 |
| | | % | 32.7 | 28.3 | 39 | | |
| 2 | ڕێکلامی فیگەرە ناودارەکان؛ سوودە جۆراوجۆرەکانی بەکارهێنانی کاڵاکە، یان خزمەتگوزارییەکە ڕووندەکەنەوە کە پێمنەزانیوون. | دوبارە | 73 | 82 | 50 | 2.11 | 0.77 |
| | | % | 35.6 | 40 | 24.4 | | |
| 3 | ڕێکلامی فیگەرە ناودارەکان؛ ئارەزووی تاقیکردنەوەی خزمەتگوزارییەکە، یان بەرهەمەکە لای من دروستدەکات. | دوبارە | 85 | 69 | 51 | 2.17 | 0.80 |
| | | % | 41.5 | 33.7 | 24.9 | | |
| 4 | شێوازی فیگەرە ناودارەکە لە پێشکەشکردنی بەرهەمەکان و براندە بازرگانییەکانیاندا واملێدەکات ڕێکلامەکە پەسەندبکەم. | دوبارە | 62 | 78 | 65 | 1.99 | 0.79 |
| | | % | 30.2 | 38 | 31.7 | | |
| 5 | پشت بەو وردەکارییانە نابەستم کە لەلایەن فیگەرە ناودارەکانەوە بۆ بەرهەمەکان پێشکەشدەکرێن، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەچمە سەر لینکی کاڵاکە. | دوبارە | 73 | 58 | 74 | 2.00 | 0.85 |
| | | % | 35.6 | 28.3 | 36.1 | | |
| | کۆ | | | | | 2.04 | 0.81 |

ئەنجامەکان دەریدەخەن، پاڵنەرەکانی بەرکەوتنی بەرتوێژان بۆ لاپەڕەکانی فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم هاوڕان لەگەڵ ئەوەی (بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوەکانی فیگەرە ناودارەکان دەکەم؛ بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە شارەزاییان لەبارەی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی ڕێکلامی بۆ دەکەن.)

بەرێژەی (51.7%)، بەپێی ئەنجامەکان لادانی پێوەری (0.82)بووە و ناوەندی ژمێرەیی (2.28) بووە، کەچی پاڵنەریی (بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوەکانی فیگەرە ناودارەکان دەکەم؛ لەبەر سەرنجڕاکێشیی شێوەییەکەی.) بەرێژەی (28.3%) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.84) و ناوەندی ژمێرەیی (1.84).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp170-180

لە هەڵسەنگاندنی (نازانم)دا لە بڕگەی (بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوەکانی فیگەرە ناودارەکان دەکەم بە پاڵنەری زانین و ئارەزوو بۆ فێربوونی کارامەیی نوێ.) بەڕێژەی (36.6%) پلەی یەکەمی هێناوە، لادانی پێوەری بریتییە لە (0.77) و ناوەندی ژمێرەیی (2.21). هەرچی پاڵنەریی (بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوەکانی فیگەرە ناودارەکان دەکەم؛ بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە شارەزاییان لەبارەی ئەو کاڵا و خزمەتگوزارییانەی ڕیکلامی بۆ دەکەن.) بەڕێژەی (24.9%) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.82) و ناوەندی ژمێرەیی (2.28).

لە هەڵسەنگاندنی (هاوڕانیم)، سامپڵی توێژینەوە لە پاڵنەری (بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوەکانی فیگەرە ناودارەکان دەکەم؛ لەبەر سەرنجڕاکێشیی شێوەییەکەی.) بەڕێژەی (43.9%) زۆرترین ڕێژەیان هێناوە و لەپلەی یەکەمدایە بە لادانی پێوەری (0.84) و ناوەندی ژمێرەیی (1.84). بەڵام پاڵنەریی (بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوەکانی فیگەرە ناودارەکان دەکەم بە پاڵنەری زانین و ئارەزوو بۆ فێربوونی کارامەیی نوێ.) بەڕێژەی (21%) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.77) و ناوەندی ژمێرەیی (2.21).

بەپێی ئەم ئەنجامانە کۆمەڵێک پاڵنەر هەن کاریگەرییان هەیە لەسەر کچانی زانکۆی سەلاحەدین، بە تایبەت هەردوو کۆلێژی (ئاداب و کارگێری ئابووری) لە ڕەفتاری کڕینی کاڵاکان، لە ڕێگەی فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام. بەو پێیەی تێکرایی ناوەندی ژمێرەیی دەگاتە (2.09) و زیاتر لە (2) بەلادانی پێوەریی، کە (0.82)ە. ئەمەش ئاماژەن بەوە، کە فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام، وەک ئامرازێکی میدیایی گرنگن بۆ ئاشناکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕیکلام لەسەر خزمەتگوزاریی کاڵاو بەرهەمەکان.

خشتەی (9)

ئاستی پشتبەستنی بەرتوێژان بە فیگەرە ناودارەکان لە هەڵبژاردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکاندا

| ژ | دەستەواژەکان | پێوەرەکان | هاوڕام | نازانم | هاوڕانیم | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | تاقیکردنەوەی کاڵا یان خزمەتگوزارییەکە لە لایەن فیگەرە ناودارەکانەوە؛ هانم دەدات کە بەدەستیانبهێنم. | دوبارە | 67 | 58 | 80 | 1.94 | 0.85 |
| | | % | 32.7 | 28.3 | 39 | | |
| 2 | ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان؛ سوودە جۆراوجۆرەکانی بەکارهێنانی کاڵاکە، یان خزمەتگوزارییەکە ڕووندەکەنەوە کە پێمنەزانیوون. | دوبارە | 73 | 82 | 50 | 2.11 | 0.77 |
| | | % | 35.6 | 40 | 24.4 | | |
| 3 | ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان؛ ئارەزووی تاقیکردنەوەی خزمەتگوزارییەکە، یان بەرهەمەکە لای من دروستدەکات. | دوبارە | 85 | 69 | 51 | 2.17 | 0.80 |
| | | % | 41.5 | 33.7 | 24.9 | | |
| 4 | شێوازی فیگەرە ناودارەکە لە پێشکەشکردنی بەرهەمەکان و براندە بازرگانییەکانیاندا واملێدەکات ڕیکلامەکە پەسەندبکەم. | دوبارە | 62 | 78 | 65 | 1.99 | 0.79 |
| | | % | 30.2 | 38 | 31.7 | | |
| 5 | پشت بەو وردەکارییانە نابەستم کە لەلایەن فیگەرە ناودارەکانەوە بۆ بەرهەمەکان پێشکەشدەکرێن، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەچمە سەر لینکی کاڵاکە. | دوبارە | 73 | 58 | 74 | 2.00 | 0.85 |
| | | % | 35.6 | 28.3 | 36.1 | | |
| | کۆ | | | | | 2.04 | 0.81 |

ئەنجامەکان ڕوونیدەکەنەوە، ئاستی پشتبەستنی بەرتوێژان بە فیگەرە ناودارەکان لە هەڵبژاردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکاندا، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم هاوڕان لەگەڵ ئەوەی (ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان؛ ئارەزووی تاقیکردنەوەی خزمەتگوزارییەکە یان بەرهەمەکە لای من دروستدەکات.) بەڕێژەی (41.5%)، بەپێی ئەنجامەکان لادانی پێوەری (0.80)بووە و ناوەندی ژمێرەیی (2.17) بووە، بەڵام بڕگەی (شێوازی فیگەرە ناودارەکە لە پێشکەشکردنی بەرهەمەکان و براندە بازرگانییەکانیاندا واملێدەکات ڕیکلامەکە پەسەندبکەم.) بەڕێژەی (30.2%) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.79) و ناوەندی ژمێرەیی (1.99).

لە هەڵسەنگاندنی (نازانم)دا لە ئاستی (ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان؛ سوودە جۆراوجۆرەکانی بەکارهێنانی کاڵاکە یان خزمەتگوزارییەکە ڕووندەکەنەوە، کە پێم نەزانیوون.)بەڕێژەی (40%) لە پلەی یەکەم دایە، لادانی پێوەری بریتییە لە (0.77) و ناوەندی ژمێرەیی (2.11). کەچی هەردوو بڕگەی (تاقیکردنەوەی کاڵا یان خزمەتگوزارییەکە لە لایەن فیگەرە ناودارەکانەوە؛ هانم دەدات، کە بەدەستیانبهێنم.) (پشت بەو وردەکارییانە نابەستم، کە لەلایەن فیگەرە ناودارەکانەوە بۆ بەرهەمەکان پێشکەشدەکرێن، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەچمە سەر لینکی کاڵاکە.) بەڕێژەی (28.3%) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.85) و(0.85) و ناوەندی ژمێرەیی (1.94) و(2.00).

لە هەڵسەنگاندنی (هاوڕانیم)، سامپڵی توێژینەوە لە بڕگەی ( تاقیکردنەوەی کاڵا یان خزمەتگوزارییەکە لە لایەن فیگەرە ناودارەکانەوە؛ هانم دەدات، کە بەدەستیانبهێنم.)بەڕێژەی (39%) زۆرترین ڕێژەیان هێناوە و لە پلەی یەکەمدایە بە لادانی پێوەری (0.85) و ناوەندی ژمێرەیی (1.94)، بەڵام بڕگەی (ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان؛ سوودە جۆراوجۆرەکانی بەکارهێنانی کاڵاکە یان خزمەتگوزارییەکە ڕووندەکەنەوە، کە پێمنەزانیوون.) بەڕێژەی (24.4%) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.77) و ناوەندی ژمێرەیی (2.11).

بە شێوەیەکی گشتی کچانی هەر دوو کۆلێژی (ئاداب و کارگێری ئابووری) لە زانکۆی سەلاحەدین، پشت بە فیگەرە ناودارەکان لە هەڵبژاردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەکاندا دەبەستن، بەو پێیەی تێکرایی ناوەندی ژمێرەیی دەگاتە (2.04) و زیاتر لە (2) بەلادانی پێوەریی (0.81)ە. بەپێی ئەم ئەنجامانە، کە ئاماژەی ڕوونن کەوا سامپڵی توێژینەوەکە بە کرداریش توانیویانە لە ئاستێکی باش پێداویستییەکانیان لە ڕێگەی ئەم پلاتفۆرمەوە بەدەست بهێنن.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp170-180

خشتەی (10)

ئاستی متمانەی بەرتوێژان بە ناوەڕۆکی ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان لە ئینستاگرامدا

| ژ | دەستەواژەکان | پێوەرەکان | هاوڕام | نازانم | هاوڕانیم | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان؛ زانیاریی دروست لە بارەی بەرهەمەکان فەراهەمدەکات. | دوبارە | 51 | 71 | 83 | 1.84 | 0.80 |
| | | % | 24.9 | 34.6 | 40.5 | | |
| 2 | ئەگەری کڕینی ئەو کاڵایە یان خزمەتگوزارییەی، کە لەلایەن پەیجەکانی فیگەرە ناودارەکانەوە ڕیکلامی بۆ دەکرێت هەیە؛ بەهۆی متمانەم بە کاریگەرییەکانیان. | دوبارە | 65 | 64 | 76 | 1.95 | 0.83 |
| | | % | 31.7 | 31.2 | 37.1 | | |
| 3 | باوەڕ بەو ڕیکلامانە دەکەم، کە پەیوەندییان بە کاڵاکانەوە هەیە، کە لە لایەن فیگەرە ناودارەکان بڵاو دەکرێنەوە. | دوبارە | 39 | 66 | 100 | 1.70 | 0.77 |
| | | % | 19 | 32.2 | 48.8 | | |
| 4 | باوەڕ بەو ڕیکلامانە ناکەم، کە پەیوەندییان بە خزمەتگوزارییەکانەوە هەیەکە لە لایەن فیگەرە ناودارەکان بڵاو دەکرێنەوە. | دوبارە | 96 | 72 | 37 | 2.29 | 0.75 |
| | | % | 46.8 | 35.1 | 18 | | |
| 5 | ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان؛ چەندین ئامرازی فێڵ و هەڵخەڵەتاندنی تێدایە. | دوبارە | 119 | 48 | 38 | 2.40 | 0.78 |
| | | % | 58 | 23.4 | 18.5 | | |
| 6 | فیگەری ناودار؛ زێدەڕۆیی لەو زانیارییانەدا دەکات کە لە بارەی خزمەتگوزارییەک، یان کاڵایەک پێشکەشیدەکات. | دوبارە | 109 | 61 | 35 | 2.36 | 0.76 |
| | | % | 53.1 | 29.7 | 17.1 | | |
| 7 | کۆمێنتە نەرێنییەکان دەربارەی خزمەتگوزارییەکە، یان کاڵاکە متمانەم بۆ بەدەست هێنانی بەرهەمەکە لاواز دەکات. | دوبارە | 116 | 64 | 25 | 2.44 | 0.70 |
| | | % | 56.6 | 31.2 | 12.20 | | |
| | کۆ | | | | | 2.14 | 0.77 |

ئەنجامەکان ئەوە دەخەنەڕوو، ئاستی متمانەی بەرتوێژان بەو ناوەڕۆکەی، کە فیگەرە ناودارەکان ڕیکلامی بۆ دەکەن لە پلاتفۆرمی ئینستاگرامدا، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم هاوڕان لەگەڵ ئەوەی (ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان؛ چەندین ئامرازی فێڵ و هەڵخەڵەتاندنی تێدایە.) بەڕێژەی (58%)، بەپێی ئەنجامەکان لادانی پێوەری (0.78)بووە و ناوەندی ژمێریی (2.40) بووە، بەڵام برگەی (باوەڕ بەو ڕیکلامانە دەکەم، کە پەیوەندییان بە کاڵاکانەوە هەیە، کە لە لایەن فیگەرە ناودارەکان بڵاو دەکرێنەوە.) بەڕێژەی (19%) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.77) و ناوەندی ژمێریی (1.70).

لە هەڵسەنگاندنی (نازانم)دا لە ئاستی متمانەبوون بە (باوەڕ بەو ڕیکلامانە ناکەم، کە پەیوەندییان بە خزمەتگوزارییەکانەوە هەیە، کە لە لایەن فیگەرە ناودارەکان بڵاودەکرێنەوە) ڕووندەکەنەوە، بەڕێژەی (35.1%) لە پلەی یەکەم دایە، لادانی پێوەری بریتییە لە (0.75) و ناوەندی ژمێریی (2.29).کەچی برگەی (ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان؛ چەندین ئامرازی فێڵ و هەڵخەڵەتاندنی تێدایە.) بەڕێژەی (23.4%) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.78) و ناوەندی ژمێریی (2.40)

لە هەڵسەنگاندنی (هاوڕانیم)، سامپڵی توێژینەوە لە برگەی ( باوەڕ بەو ڕیکلامانە دەکەم، کە پەیوەندییان بە کاڵاکانەوە هەیە، کە لە لایەن فیگەرە ناودارەکان بڵاودەکرێنەوە).بەڕێژەی (48.8%) لە پلەی یەکەمدایە بە لادانی پێوەری (0.77) و ناوەندی ژمێریی (1.70). بەڵام برگەی (کۆمێنتە نەرێنییەکان دەربارەی خزمەتگوزارییەکە، یان کاڵاکە متمانەم بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمەکە لاواز دەکات.) بەڕێژەی (12.2%) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.70) و ناوەندی ژمێریی (2.44). لێرەدا روون دەبێتەوە سامپڵی توێژینەوە کە لە ئاستێکی باش متمانەیان بە ناوەڕۆکی ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکان لە پلاتفۆرمی ئینستاگرامدا هەیە. بەو پێیەی تێکڕایی ناوەندی ژمێریی دەگاتە (2.14 ) و زیاتر لە (2) بەلادانی پێوەریی (0.77) ە.

## تەوەی چوارەم: سەلماندنی گریمانەکانی توێژینەوەکە:

- بە مەبەستی دەرهێنانی پەیوەندی نێوان ئاستی پاڵنەر و پشتبەستن و متمانەی کچانی زانکۆی سەلاحەدین بە فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام، توێژەر پەنای بردۆتەبەر هاوکێشەی (Pearson)، کە لەم بارەیەوە ئەنجامەکان لە خشتەی (11) خراوەتەڕوو:

خشتەی (11)

پەیوەندی نێوان ئاستی پاڵنەر و پشتبەستن و متمانەی کچانی زانکۆی سەلاحەدین بە فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام ڕووندەکاتەوە

| | | پاڵنەرەکان | پشتبەستن | متمانە |
|---|---|---|---|---|
| **پاڵنەرەکان** | Pearson Correlation | 1 | **610. | **457. |
| | Sig. (2-tailed) | | 000. | 000. |
| | N | 205 | 205 | 205 |
| **پشتبەستن** | Pearson Correlation | **610. | 1 | **447. |
| | Sig. (2-tailed) | 000. | | 000. |
| | N | 205 | 205 | 205 |
| **متمانە** | Pearson Correlation | **457. | **447. | 1 |
| | Sig. (2-tailed) | 000. | 000. | |
| | N | 205 | 205 | 205 |

.**Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp170-180

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەدەن، پەیوەندییەکی ئاماریی ئاماژەدار هەیە لە پەیوەندی نێوان ئاستی پاڵنەر و پشتبەستن و متمانەی کچانی زانکۆی سەلاحەدین بە فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام، لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداریی دەکاتە (0.000، 0.000، 0.000)، بچووکترە لە ئاستی بەڵگەداریی (0.05).

- بەمەبەستی دەرهێنانی پەیوەندیی ئاماریی ئاماژەدار لە نێوان تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نموونەی توێژینەوە و ئاستی پاڵنەر و پشتبەستن و متمانەی کچانی زانکۆی سەلاحەدین بە فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام. توێژەر پەنای بردۆتەبەر هاوکێشەی(Spearman's rho)،کە لەم بارەیەوە ئەنجامەکان لە خشتەی (١٢) خراوەتەڕوو:

خشتەی (12)

پەیوەندیی نێوان پشت بەستن و پاڵنەر و متانەی کچانی زانکۆ بە ڕیکلامی فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام و پەیوەست بە تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانیان

| پەیوەندیی نێوان لایەنە دیمۆگرافییەکان و ئاستی پاڵنەر و پشتبەستن و متمانە | | پاڵنەر | پشتبەستن | متانە |
|---|---|---|---|---|
| تەمەنی قوتابی | Correlation Coefficient | 128. | 093. | 001. |
| | Sig. (2-tailed) | 067. | 184. | 989. |
| | N | 205 | 205 | 205 |
| بەشی زانستی | Correlation Coefficient | 022.- | 047. | 018.- |
| | Sig. (2-tailed) | 754. | 503. | 797. |
| | N | 205 | 205 | 205 |
| قۆناغی خوێندن | Correlation Coefficient | 054. | 069.- | 126.- |
| | Sig. (2-tailed) | 443. | 324. | 072. |
| | N | 205 | 205 | 205 |
| باری دارایی قوتابی | Correlation Coefficient | 037. | 088.- | 044.- |
| | Sig. (2-tailed) | 597. | 212. | 533. |
| | N | 205 | 205 | 205 |
| سەرچاوەی داهاتی قوتابی | Correlation Coefficient | **192. | *141. | 137. |

**Correlation is significant at the 0.01 level (2-tailed).

*Correlation is significant at the 0.05 level (2-tailed).

ئەنجامەکان دەریدەخەن، پەیوەندییەکی ئاماریی ئاماژەدار نییە لە نێوان تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نموونەی توێژینەوە و ئاستی پاڵنەر و پشتبەستن و متمانەی کچانی زانکۆی سەلاحەدین بە فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام، لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداریی دەکاتە (.067، .184، .989) و (.754، .503، .797) و(.597، .212،.533)، لەبەر ئەوەی گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداریی (0.05). تەنیا تایبەتمەندی دیمۆگرافی (سەرچاوەی داهاتی قوتابی) پەیوەندییەکی ئاماریی ئاماژەدار لەگەڵ ئاستی پاڵنەر و متمانەی هەیە، لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداریی دەکاتە (.192**، .141*) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداریی (0.05).

## دەرئەنجامەکان:

گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی، کە ئەم توێژینەوەیە لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکاندا پێیگەیشتووە، بریتین لە:

١- نموونەی بەرژەوەندییەکان: توێژینەوەکە دەریخستووە، ئەو بابەتانەی زۆرترین بینەری و سەرنجی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین لە پلاتفۆرمی ئینستگرامدا هەیە بریتین لە (پێڵاو و جلوبەرگ، چێشت لێنان و خواردن، و کەرەستەی جوانکاری)، ئەمەش گوزارشتە لە پەیوەندیی ئارەزووەکانیان بە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانەوە کە لەگەڵ ڕۆژانە و کەسایەتییەکانیاندا دەگونجێت.

٢- کاریگەری ڕیکلامی کەسایەتییە ناودارەکان: توێژینەوەکە ئاشکرایکردووە، کەسایەتییە ناودارەکانی ئینستاگرام کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر هەڵسوکەوتی کچەکانی زانکۆی سەلاحەدین هەیە، بەو پێیەی **سامپڵە**کە متمانەیەکی زۆریان بە ناوەرۆکی ئەو ڕیکلامانە نیشانداوە کە لەلایەن ئەو کەسایەتییە ناودارانە پێشکەشی دەکەن، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر بڕیارەکانی کڕین هەیە.

٣- پاڵنەرەکانی سەیرکردنی ڕیکلامەکان: ئەنجامەکان دەریانخستووە کە پاڵنەرە سەرەکییەکانی سەیرکردنی ڕیکلامەکان بریتین لە کنجکاوی(الفضول)، ئارەزووی فێربوونی کارامەیی نوێ و بینینی پێشنیارەکانی کەسایەتییە ناودارەکان بۆ بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان. ئەمەش بەشداری کرد لە پاڵنانی نموونەکە بۆ کڕینی ئەو کاڵا بانگەشەکراوانە.

٤- پشت بەستن بە فیگەرە ناودارەکان: توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە کچەکانی زانکۆی سەلاحەدین زۆر پشت بە ڕاسپاردەکانی کەسایەتییە ناودارەکان دەبەستن لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام لەکاتی بڕیاردانی کڕین، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕۆڵێکی سەرەکییە بۆ ئەم کەسایەتیانە لە داڕشتنی ڕەفتاری کڕینی سامپڵەکەدا.

٥. پەیوەندییەکی ئاماریی ئاماژەدار هەیە لە پەیوەندیی نێوان ئاستی پاڵنەر و پشتبەستن و متمانەی کچانی زانکۆی سەلاحەدین بە فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام و ئەو کاریگەرییانەی لە ئەنجامی ئەو پشتبەستنە دروست دەبن.

٦. پەیوەندییەکی ئاماریی ئاماژەدار نییە لە نێوان تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوە و ئاستی پاڵنەر و پشتبەستن و متمانەی کچانی زانکۆی سەلاحەدین بە فیگەرە ناودارەکانی ئینستاگرام؛ تەنیا تایبەتمەندیی دیمۆگرافی (سەرچاوەی داهاتی قوتابی) پەیوەندییەکی ئاماریی ئاماژەدار لەگەڵ ئاستی پاڵنەر و متمانەی هەیە، لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداریی دەکاتە (.192**، .141*). کە بچووکترە لە ئاستی بەڵگەداریی (0.05).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp170-180

## ڕاسپاردە و پێشنیازەکان:

١. هۆشیارکردنەوەی بەکارهێنەران سەبارەت بەو ڕێکلامانەی، کە لە پلاتفۆرمی ئینستاگرام و ئامرازەکانی دیکەی هاوشێوەی، کە زانیاری ناڕاست و چەواشەکاری لە خۆ دەگرن.

٢. بەشەکانی میدیا لە زانکۆیەکانی هەرێمی کوردستان بەشداربن لە پێدانی زانیاری زانستی بە کۆمپانییەکانی ڕێکلام، بۆ ئەوەی ڕێکلامەکان لە ژێر بنەمای ئێتیکی میدیای نوێ و یاساکان بەرهەمبهێنرێن.

٣. ئەنجامدانی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، بەڵام سامپڵی توێژینەوەکە قوتابیانی زانکۆیەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان بێت.

## سەرچاوەکان


جوان اسعد احمد گەلاڵی. (2023). ڕۆڵی ئینستاگرام لە ئاڕاستەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا -توێژینەوەیەکی مەیدانییە. سلێمانی: نامەیەکی بڵاونەکراوەی ماستەرە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی- سلێمانی، کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕیی، بەشی تەکنیکی میدیا.

علی صفر کامل. (2022). تبیین تاثیر افشای تبلیغات و اعتبار منبع بر قصد خرید مصر فکننده در اینستاگرام: مطالعه موردی اقلیم کردستان عراق. تهران: دانشگاه تهران.

نورا داود. (2020). اثر Instagramعلى السلوك الشرائي لدى الاناث- دراسة عملية" طالبات الجامعات السورية. ديمشق: رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الافتراضية السورية، قسم إدارة الأعمال.

ريان، يسرى سلاطنية، دغرير. (2022). مواقع التواصل الاجتماعي وأثرها على سلوك الزبون في القاطع الخدمي-دراسة ميدانية لعينة من الزبائن. قالمة: مزكرة ماستر، جامعة 25 ماي1945، كلية العلوم الاقتصاديةوالتجارية وعلوم لتسيير، قسم العلوم التجارية.

ريام عبدالهادي. (11 ,4 2021). ما هو الانستقرام – مميزات الانستقرام التي جعلته مختلفاً 2021. تم الاسترداد من سماء التقنية - SkyTech: https://www.skytechtech.com

Arya, Kerti, M. P. (2022). advertising value of Instagram stories and the effect on millennial's attitude. Russian Journal of Agricultural and Socio-Economic Sciences 3(99), 29-39.

Djafarova, Rushworth, E. (2017). Exploring the credibility of online celebrities' Instagram profiles in influencing the purchase decisions of young female users. Computers in Human Behavior, Volume 68, 1-7.

Makhadmeh, Rihani, N. (2023). The Effect of Instagram Influencer Ads on Female Students' Purchasing Behavior at Jordanian Universities. Studies in Media and Communication, Vol. 11, No. 3, 92-105.

Sheldon, Bryant, P. (2016). Instagram: Motives for its use and relationship to narcissism and contextual age. Computers in Human Behavior, vol. 58, no. 1., 89-97.

Soni, Shukla, N. (2021). Instagram: The new online window for impulse behavior of. International Research Journal of Modernization in Engineering, Technology and Science, 2851-2858.

Tazeen, Mullick, F. (2023). The Impact of Social Media Platforms 'Facebook and Instagram' in Influencing

Purchasing Behavior of Green Products. Journals-Permissions-India, 1-18.

Cruz-Eusebio, J. (2022, January 7). The Different Types of Instagram Ads and When to Use Them. Retrieved from Brax: https://www.brax.io/blog/the-different-types-of-instagram-ads-and-when-to-use-them.

Mrignayni. (2022, June 1). The Easiest Guide to Instagram Ads in 2024: Templates, Pro Tips & Ideas. Retrieved from invideo: https://invideo.io/blog/instagram-ads-guide.

Christy, S. (2023, January 24). Updated Instagram Ad Sizes for 2024 [Cheat Sheet]. Retrieved from Artwork Flow: https://www.artworkflowhq.com/resources/updated-instagram-ad-sizes?fbclid=IwAR2-7SS_5QzE2q6ejQ8hWW3_xq_sbIUwvcRgXrE60gES09NvrKhbEsnvMGA .

Macready, H. (2023, February 13). 8-Step Guide to Using Instagram Ads [2024 Edition]. Retrieved from Hootsuite: https://blog.hootsuite.com/instagram-ads-guide/?

Henrie, S. (2023, May 10th). Get to Know All the Different Types of Instagram Ads. Retrieved from Ad Roll Blog: https://www.adroll.com/blog/ad-types-instagram-how-to-use-them.

Dixon, S. J. (2023, Aug 29). Number of Instagram users worldwide from 2020 to 2025. Retrieved from Statista: https://www.statista.com/statistics/183585/instagram-number-of-global-users.

Nambakhsh, C. (2023, September 5). Instagram Advertising: 8 Instagram Ad Types to Try in 2024. Retrieved from Ainfluencer: https://blog.ainfluencer.com/advertising-on-instagram.

upbeatagency. (2023, September 20). The Different Instagram Ad Types & Formats (2024). Retrieved from upbeatagency: https://upbeatagency.com/instagram-ad-types/?

Gindham, A. (2023, Oct 09). 12+ Instagram Ads Best Practices for 2024. Retrieved from Coupler: https://blog.coupler.io/instagram-ads-best-practises/?

Carlo, M. E. (2023, December 28). Instagram Ads: the complete 2024 guide to create a winning strategy. Retrieved from ShippyPro: https://www.blog.shippypro.com/en/instagram-ads-ecommerce?

Chillingworth, A. (2024, Jan 1). How to Run Instagram Advertising in 2024? Retrieved from Epidemic Sound: https://www.epidemicsound.com/blog/how-to-run-instagram-advertising/?

Bragg, R. (2024, Jan 19). Mastering Instagram Ads in 2024: A Comprehensive Guide with Real Example Ads. Retrieved from taradel: https://www.taradel.com/blog/mastering-instagram-ads-in-2024-a-comprehensive-guide-with-real-example ads?

Moore, T. (2024, February 5). 2024 Instagram Ads Guide: How to Create, Types, & Tips. Retrieved from viralyft: https://viralyft.com/blog/instagram-ads?